# مامۆستا ئەوڕەحمان شەرەفکەندی

## وەرگێڕ و شاعیری کورد

و: حەمە کەریم عارف

زمان و شێوە زمانی ناوچەیی و لۆکاڵی لە سەرزەمینی پان و بەرینی ئێمەدا هێندە فرە و هەمەجۆر و نەناسراون کە لێکۆڵەران و توێژەرانیان بە جۆرێ سەرسام کردووە کە چۆن لە داوێنی هەر کێوێک و لەودیوی هەر دەشت و دەرێک، دیالکتیک و زمانێک هەیە کە دانیشتوانی ئەو دیار و دەڤەرانە بە جۆش و خرۆش و ئەشق و شەیداییەکی بێ وێنەوە، پشتاوپشت دەیپارێزن و هەوڵدەدەن لە هێرشی زمانی بێگانە بیپارێزن و بە دووری بگرن. هەڵبەتە هەموو ئەم قەومە ئێرانیانە، لە کورد و، تورک، بلوچ، تورکمان و... ڕاستگۆیانە زمانی فارسیش فێری ڕۆڵە و نەوەکانیان و خۆیان دەکەن و وەکو زمانی هاوبەشی نیشتمانی و نهێنی یەکپارچەیی ئەم وڵاتە باسی دەکەن و ئەدیبان و عارفان و شاعیرانی زۆر لە داوێنی خۆدا پەروەردە دەکەن کە بە زمان و دیالێکتی ئاشنای خۆیان زەوق و سەلیقە و سۆز و گوداز وانەی بوێری و دلاوەری و ئەخلاق بە هاوزمانانی خۆیان دەڵێنەوە، ئەمانە بێگومان زانایانی گومناڤ و ناوبزری ئێرانن.

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سەنتەرە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی ئێمە، ناساندنی ئەم زانایانە بووە، چ کۆنەکان و چ هاوچەرخەکان تا ژیاننامە و بەرهەمەکانیان، بکەوێتە بەرچاوی ڕەخنەگران و خوێنەران و جەماوەری خەڵک.

لەم ڕوانگە و پێودانگەوە " کەیهانی فەرهەنگی " – هەر چەندە بە کورتی کەوتووەتە ناساندنی زانا و شاعیری بە توانای کورد مامۆستا ئەوڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە " هەژار " و خوشحاڵە کە کاتێ چووەتە دیداری ئەوان کە دوای تەمەنێکی پڕ لە هەوراز و نشێو، حاڵی حازر سەرگەرمی هەوڵ و کۆششی زانستی و کەلتووریە و

پاچڤەکانی لە عەرەبییەوە بۆ فارسی و لە فارسییەوە بۆ کوردی، تا ئێستا چاپ و بڵاو بوونەتەوە، یان لای وەشانکارانن ولە حاڵی بڵاو بوونەوەدان کە پێڕستیان لەم هەڤپەیڤینەدا ملاحەزە دەفەرموون. بەرهەمی گەورەی ئەوان، پاچڤەی کتێبی قانوونی ابن سینایە لە حەوت بەرگا کە تا ئێستا سێ بەرگیان بڵاو بوونەتەوە و بەرگەکانی دیکەی لە حاڵی بڵاو بوونەوەدان. مامۆستا لە بەرسڤی ئەم پرسیارەدا کە چ فاکتەرێک واداری کردوون قانوون پاچڤە بکەن، دەڵێن:

- عەرەبێکی بیابان نشین لە خەرگای دیوەخانی شێخ دا سوێند دەخوات کە لە دنیادا لە حەڵوا خۆشتر نییە- حەڵوا جۆرە شیرینیەکە کە لە خورما دروستی دەکەن - گوتیان : خواردووتە؟ گوتی: نە، لێ حەمەدی ئامۆزام کاغەزێکی لستووەتەوە کە گوایە حەڵوایان تێوە پێچابووە! جا هەزار و هەندێک ساڵە کە ئێمەی ئێرانیان، بە بوونی شیخ الرئیس دەنازین و بە مایەی شانازی خۆمانی دەزانین، ئەگەر لەمە بپرسن بەرهەمەکانی ابن سینات دیتووە یان چەشتووتە، وەڵام هەمان وەڵامی حەمەدە. دەڵێن قوربان ئەوروپاییەکان شانازی بە شێخی شێخانەوە دەکەن و قەدری دەگرن. ئەوروپا، قوربان ئەوروپا! حاڵی بووی؟ ویستم ئێرانیانی هاونیشتمانم و فارسی زمانانی دەرێی ئێران، لەو حەڵوا و شیرینییە جۆراوجۆرانەی کە لە کارگەی شیرینی سازییەکەی ئەبو عەلی سینا هاتوونەتە دەر، بەلای کەمەوە تامی یەکێکیان بکەن و لە لستنەوەی پارچە کاغەزەکانی ئەوروپاییان بحەسێنەوە.

ملیۆنان پیاو و ژن و منداڵی هەژاری کوختەنشین و دێهاتی لە وڵاتی مەدا، بەرلەوەی دەستیان بگاتە داوێنی دوکتۆرێک گیانیان دەردەچێت و ئەگەر هەندێک جار دەستیان بە دکتۆر بگات، دەبێ دار ونەداریان دابنەن و ئەوجا وەرە بە نەخۆشی نەمردی بە نەبوونی و نەداری بمرە! ویستم گوندییانی چارەڕەش، لە خاسیەت و تایبەتمەندی ئەو گیا دەرمانیە سادانەی کە لە گەڕەگ و بان و سەربان و بن بانی ماڵەکانیان دەڕوێن ئاگادار بکەمەوە. ئێ بەڵکو نەخۆشییە سادەکانی خۆیان دەرمان و تیمار بکەن. کە

ئەگەر قازانجێکیان پێ نەگەیەنن، زیانیشیان نابێت. ئیدی لە زەحمەتی سەفەر و مەترسی عیادەی پڕ دەبدەبە و کەبکەبەی هەندێک لە پزیشکانی پوولەکی و بەرژەوەند پەرست و ماڵ وێرانکەر بە دوور بن.

شێخی شێخان، سەبارەت بە مالیجە و چارەسەری گوێ دەفەرموون:

" هەندێ پزیشک، گوێچکەی چڵک کردەی نەخۆش بە پەڕۆ دەئاخنن و بە نەخۆشەکە دەڵێن، کە لە سەر گوێیە ساغەکەی بنووێ. دوای ماوەیەک چڵکەکە دەبێ بە دومەڵ و وەرەم. ئەوسا پێی دەفەرموون، چارە تەنیا نەشتەرگەرییە. هەڵبەتە ئەم جۆرە پزیشکانە، حیلەبازن و گەرەکیانە گیرفانی نەخۆشی داماو بتەکێنن. "

من پاچڤەی قانوون بە خزمەتی هەژاران دەزانم و من دەگەڵ سەعدیدا هاوڕام کە دەفەرمووێ : " عیبادەت، جگە لە خزمەتی خەڵک هیچی تر نییە. "

ک. ف ( کیهانی فرهنگی ): مامۆستا، هەڵبەتە ئاشنایەتیان دەگەڵ بڵاوکراوەکەی مە و شێوازی کارکردنیا هەیە. زیاتر هەوەڵین پرسیاری مە پەیوەندی بە کورتەیەکی ژینامە و ئاستی خوێندنەوە هەیە.

مامۆستا ئەوڕەحمان شەرەفکەندی ( هەژار ) = م. شەرەفکەندی:

– ژیانی من ئەوەندە گرینگ و لەبەر دڵان نییە. بەندە لە ساڵی ١٩٢١ دا لە مەهاباد لە دایک بووم. ڕۆژگاری منداڵی لە حوجرە و مزگەوتان خوێندوومە. تازە پێم نابووە لاوییەوە کە بە خاو خێزانەوە بارمان کرد بۆ گوندێکی دەوروبەری بۆکان، بۆ گوندی تەراغە ڕۆیشتین. لەو ڕۆژگار و قۆناغەدا، بە هۆی ئەو فەرق و جیاوازییە نەژادییەوە کە لە لایەن ڕژێمی فەرمانڕەواوە پەیڕەوی دەکرا، بەندە ڕووم کردە دنیای سیاسی و بە ناچاری لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بۆ عێراق هەڵاتم.

لەوێ نەخۆش کەوتم و زۆر کێشە و دژوارییانم بەڕێکرد، پاشان بۆ لوبنان چووم و نزیکەی دوو سال لەوێندەر مامەوە. سێ دانە ساڵیش لە سووریا مامەوە تا ئەوە بوو عەبدولکەریم قاسم لە عێراقا کودەتای کرد و من بۆ ئەوێندەر زڤڕیمەوە. لەو سەروبەندەدا بوو کە تووشی مەلا مستەفا بووم و یەکترمان ناسییەوە. کاتێ شەڕ لە گەڵ عێراق و ڕژێمی سەدامدا هاتە پێشێ، من لە ڕێگای هاوکاری دەگەڵ ڕادیۆ و بڵاڤۆکانەوە ناڕەزایی خۆم دەردەبڕی تا ئەوە بوو کە ناچار بووم بۆ ئێران بگەڕێمەوە، بەڵام لێرە ڕژێمی شا حوکمی ئیعدامی بۆ دەر کردبووم، بۆیە دۆستان بۆم تێکەوتن و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم حوکمە بوون. لێ شا لە وەڵاما گوتبووی، عەفوو ناکرێ، تەنیا دۆسیە و پەڕاوەکەی ڕابگرن و جێبەجێ مەکەن.

بەندە لە بەغدا ئەندامی کۆڕی زانیاری بووم و زۆر کاری پاچڤەشم هەبوون، بۆیە ژیانم باش بوو، کتێبخانەیەکی باشیشم هەبوو، لێ هەر هەمووی بە فەرمانی سەدام دەستی بە سەردا گیرا، ئەنجام کاتێ بۆ ئێران هاتمەوە، لەو پەڕی نەداری و دەست کورتیدا بووم، لەبەر ئەوە لێرە خانوویەکیانیش دامێ.

لە ئێرانا، بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی و بە هەر حاڵ پێشکەش کردنی جۆرە چالاکی و خزمەتکردنێکی کەلتووری بڕیاری کارکردنم دا، بۆ وەشانخانانی زانستگا و شوێنانی دیکە چووم. لەوێندەر پرسیاری توانا و بەهرە و کاڵا و سەرمایەی زانستی منیان کرد. گوتم: من زمانی عەرەبی سەردەمی جاهیلییەت و عەرەبی پاش ئیسلام دەزانم و زمانی لۆکاڵی خەڵکی عێراق و لوبنان و سووریا و میسر دەزانم و هەروەها تورکی ئەستەمبووڵی و ئازەریش بەڵەدم و چونکە بە خۆم کوردم هەڵبەتە ئەم زمانەش بە باشی دەزانم. ئاغای فرەوشی پێیان گوتم وەرە کتێبی قانوونی ابن سینا پاچڤە بکە. منیش هەرچەندە زانیارییەکی ئەوتۆم دەربارەی ئەم کتێبە نەبوو، لێ تەنیا بەو خەیاڵەی کە کتێبیکی عەرەبی بۆ فارسی پاچڤە دەکەم، ئەم کارەم قەبووڵ کرد. لێ کاتێ کتێبەکەم هێنا و بڕێکم لێ خوێندەوە، سەیرم کرد بە هیچ کلۆجێ ئەوە نییە کە

من وێنام دەکرد و کارێکی یەجگار سەخت و دژوارە. بۆیە بۆ لای ئەوان چوومەوە و گوتم: زانیاری و شارەزایی من پتر دەربارەی ئەدەبیاتی عەرەب و دیوانێن شاعیرانی وەک متەنەبی و ئەبو نواس و بوحتەرییە، تەنانەت ئەدەبیاتی جاهیلیش دەزانم، لێ پاچڤەی ئەم کتێبە لە توانای مندا نییە. جەنابی دکتۆر فرەوشی گوتی: خەمت نەبێ ئەگەر مانگێ یەک لاپەڕەش پاچڤە بکەی، بۆ ئێمە بەسە. پاشان قەرارمان کرد دەست بە کارێکی دیکەش بکەم کە ئەم فەرهەنگی کوردی – فارسییەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش هەفتەی دوو ڕۆژ بۆ بنکەی لێکۆڵینەوەی ئێران – کە حاڵی حازر سەر بە دەزگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کەلتوورییە – دەچووم. دوای شۆڕشی ئیسلامی هاتن و لێیان پرسیم چ کارێک دەکەی؟ گوتم سەرقاڵ و مژوولی پاچڤەی قانوون و کۆکردنەوەی فەرهەنگی کوردی – فارسیم، ئەگەر ڕازین لە سەری دەڕۆم، کە هەڵبەتە ڕازی بوون. پاچڤەی قانوون حاڵی حازر تەواو بووە. هەرچەندە تەنیا سێ بەرگی چاپ بووە و چوار بەرگەکەی تری ئامادەیە بۆ چاپ.

ک. ف ( کیهان فرهنگی ) : زۆر بە خێرایی بە سەر ژینامەکەتاندا تێپەڕیت. ئێمە دەمانەوێ، سەبارت بە ئاستی خوێندن و ئەو چالاکیانەی کە لە بەغدا هەتان بووە زیاتر بزانین.

م. شەرەفکەندی:

ئەگەر یارمەتیم بدەن، چیرۆکێکی بچووکتان بۆ دەگێڕمەوە کە پڕ بە پێست و ئاوێنەی ژیانی منە.

ڕۆژێ پیاوێکی عەرەب بە ناوی " جەبر " دەچێتە شارێک و بە دەم پیاسە و گەڕان بەو شارەدا سەرێک لە گۆڕستانی شاریش دەدات. کاتێ تەمەشای کێلی گۆڕەکان دەکات و نووسینی سەر کێلەکان دەخوێنێتەوە دەبینێ کە عومری هەموو مردووەکان زۆر کەم بووە و ئەوپەڕی گەییوەتە یەک ساڵ، سەری لەمە دەسووڕمێ. هۆی ئەمە لە

یەکێک دەپرسێت، ئەو کەسە پێی دەڵێت لە شاری مەدا، عادەت وایە کە لە کەسانێک کە لە حاڵی مردنیدانە دەپرسین کە لە ژیانا چەندێ بە ڕاستی ژیاوی و خۆشت گوزەراندووە؟ پاشان ئەو مودەتە لە سەر کێلی قەبرەکەی هەڵدەکەنن. جەبر کەمێک لە فکران ڕادەچێت و دەڵێت : کە وایە تو خودا هەر گاڤێ ئەز مردم لە سەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن ئەم کابرایە هەر کە لە داوێنی دایکی بەر بووەوە مرد. ژیانی منیش وەکو ژیانی جەبر بووە. بەڵام سەبارەت بە چالاکییەکانم لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا بووم، بە برای خۆم بڵێم، لە سەرەتاوە بە کارێن سادە و کەم دەرامەت دەست بەکار بووم، لێ وەختایەک لە لوبنان گەڕامەوە، توانیم هەندێک کاران لە واری پاچڤەدا پەیدا بکەم، لەوانە : ئەو کتێبە عەرەبیانەم کە لە قوتابخانان دەخوێندران، بۆ کوردی پاچڤە دەکرد و هەندێک وتارانم دەنووسین، تا ئەو کاتەی کۆڕی زانیاری دامەزرا و منیان بە ئەندامی فەرمی کۆڕی ناڤبری دامەزراند. جگە لەمانە ماوەییەک بە کاری وێنەگرییەوە مژوول بووم.

ک. ف: لە بیرتە لەم ماوانەدا چ کتێبێکت پاچڤە کردووە و چاپکردوون؟

م. شەرەفکەندی:

بەڵێ هەندێ لەم کتێبانە دەستەجەمی بوون. یانی یەک کتێب دەدرا بە چەند کەسێک کە کاری لە سەرە بکەن، جگە لەو کارە دەستەجەمیانە شەرەفنامەم پاچڤە کرد کە لە هەمان شوێندا چاپکرا. هەروەها نامیلکەیەکیش لە ژێر ناڤی هۆزی لە بیر کراوی گاوان کە لە نووسینی مستەفا جەواد بوو کە پەیوەندی بە سەردەمی القادر باللەی عەباسی بوو. هەروەها دیوانی شیعرەکانیشم لەوێ بە چاپ گەیاند. هەڵبەتە ئەم دیوانە دووجاری دیکەش هاتە چاپکردن، جارێکیان لە ئێران بە ئوفسێت و جارێکی دی لە ئەوروپا چاپکرایەوە. چوارینەکانی خەیامیشم پاچڤەی کوردی کردن، بە هەمان ئەو کێشەی کە خەیام لە فارسییەکەدا بەکاری بردووە. بێگومان بە خۆت دەزانی کە ئەم کارە زۆر دژوارە و زەحمەتێکی زۆری دەوێ. دووسەد و پەنجا چوارینەم پاچڤە کرد

و له عێراق به چاپم گەیاند، لێ پاشان دیتم چەند کەسێکی دیکەش به بێ پرسی من چاپیان کردووەتەوە. بۆیە بیرم لەوە کردەوە بۆچی به خۆم ئەم کارە نەکەم. بەم مەبەستە نامەیەکم بۆ بەرپرسان نووسی و داواکەم خستەڕوو کە هیچ وەڵامێکم پێ نەگەییەوە. ئەنجام دیتم وەشانکارێک پەیدا بووە و چوارینەکانی خەیامی بە سێ زمان چاپ کردووە، بەڵام نازانم بۆچی هیچ وەڵامێکی منیان نەدایەوە.

ک.ف:

حاڵی حازر، زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە چ پێگەیەکدایە، بە تایبەتی لە چاو ئەدەبیاتی فارسیدا؟

م. شەرەفکەندی:

دەزانی کە بەر لە شۆڕشی ئیسلامی، نە لە ئێران و نە لە شوێنانی دیکە هیچ کاتێک ڕێگە بە مە و ئەدەبیاتی مە نەدراوە کە خۆ بنوێنین. هەمیشە ڕێگەمان لێگیراوە. لێ وێڕای ئەمەش ئەدەبی کوردی زۆر گەشاوەیە، ئێمە لە غەزەل، قەسیدە، شین و ئەم بابەتانەدا بەرهەمێن زۆر بایەخدارمان هەیە، تەنانەت لە ناو ئەدەبیاتی مەدا خەڵکانێکی وەکو مەولەوی کوردی هەورامان هەیە کە بە پڕکێشی یەوە دەتوانم بڵێم لە ئوسکار وایلد و خەڵکانی وەکو ئەو باڵاترە، تەنانەت لەوەیە بشێت بگوترێ کە لە حافیزیش کەمتر نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکانی غەیرە کورد، وەکو پێویست نەیانناسیوون و زانیاری تەواویان دەربارەی ئەمانە نەبووە، سەلماندنی ئەم بابەتە زۆر زەحمەتە. ئێوە کاراکتەرە ڕۆشنبیری و کەلتووریەکانی کورد ناناسن- بەلای کەمەوە بە ئەندازەی ئێمە- لێ ئێمە کە ئەوان بە باشی دەناسین و ئاشنایەتیمان دەگەڵ بەرهەمەکانیاندا هەیە، زۆر لەزەت لە نووسین و بەرهەمەکانیان دەبینین و خۆشمان دەوێن، ئەگەر بەرهەمێن ئەم خەڵکانە پاچڤە و بڵاوببنەوە، نزیکی و لێکچوونی بەرهەمی وان لە بەرهەمێن فارسی بەتەواوەتی دەردەکەوێت.

زمانی کوردی یەجگار بەرفرەهە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی و پەراگەندەیی جوگرافیایی دەڤەرەکە کە ئاساییە شێوە زاری جیاوازی لێدەکەوێتەوە. هەروەها بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی تایبەتی هەرێمایەتی لە سنوور بەزێنی بێگانانیش دوور بووە. لێ زمانی فارسی ڕاستەوخۆ و زۆر لە ژێر کاریگەری میللەتانی دیکەدا بووە، بە تایبەتی عەرەب و تورکان. جا بەو حەساوەی من خۆم لە واری قامووس و فەرهەنگدا کار دەکەم، زۆر وشەم لە زمانی فارسیدا دۆزیوەتەوە کە عەرەبی یان تورکین و هاوواتاشیان لە فارسیدا هەیە. لێ لە زمانی کوردیدا، لە هەنبەر هەر واژەیەکدا چەندین ناو هەیە کە مخابن هیچ سوودێک لەم هەموو دەوڵەمەندی و بەرفرەهیە نابینرێ. من تێناگەم بۆچی ئێمە ناوی زۆرێک لە گیا دەرمانیەکان بە عەرەبی یان یونانی بە کار دەبەین، کە چی خۆمان لە بەکار هێنانی هاوتا کوردیەکانیان دەبوێرین. من جارێک ئەم مەسەلەیەم لە وەشانخانەی زانستگەدا خستە ڕوو کە هەر چەندە مایەی پەسندی هەمووان بوو و قەراریان دا کە شاندێک بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەم ناوانە بۆ کوردستان ڤرێبکەن بەڵام هیچ هەنگاوێک لەم بوارەدا نەنرا.

ڕەنگە خراپ نەبێ ئەم بابەتە بۆ ئێوەش بگێڕمەوە کە ماوەیەک لەمە پێش سەدام هەڕەشەی لە کۆمەڵێک نووسەری کورد کرد کە ئەگەر وشەێن هاوبەشی کوردی و فارسی لە نووسینەکانیاندا بە کار بەرن، ئەوا قەڵەمیان دەکات.

ئێستا وەزع لە ئێران زۆر چاکە، هەر ئەمەی کە ڕێگە دراوە بڵاوکراوەی کوردی وەکو سروە بڵاو ببێتەوە، خۆی لە خۆیدا نیشانەی نیاز پاکی بەرپرسانە. لە سایەی ڕژێمی پێشوودا، تەنانەت نەدەکرا هەر بیریش لەم شتانە بکرێتەوە. ئەو سەردەمە ڕۆژنامەیەک لە کوردستاندا هەبوو، لێ لە ئێراندا بڵاو نەدەبووەوە. من لە بەغدا و لە موسکۆ چەند ژمارەیەکی ئەو ڕۆژنامەیەم بینی بوو. ئەمڕۆ زۆر کتێبی کوردی چاپ دەبن کە دەتوانن ڕۆشنبیری و کەلتووری کوردی بە هەموو لایەک بناسێنن، هەڵبەتە هێڤی دارم ئاێندە باشتر و باشتریش بێ.

ک. ف:

بێزەحمەت هەندێک لە شیعرەکانی خۆتمان بۆ بخوێنەوە، یان لەو شیعرانەی کە بەگەنیان دەکەی، لەوانەی کە بە بۆچوونی ئێوە لە ڕووی ناسکییەوە هاوتای شیعرەکانی حافیز دەکەنەوە.

م. شەرەفکەندی:

ئەگەر ڕێگەم بدەیت سێ چوارینەی خەیام. لەوانەی بۆ کوردیم وەرگێڕاون بۆ دەخوێنمەوە، هەروەها پاچڤەیەکی شیعری " هەڵۆ " ی پوشکین کە پێموایە، پاچڤەی فارسیش کراوە.

بەندە هەرگیز لافی ئەوەم لێنەداوە کە شیعرەکانم لە ناسکیدا بە شیعرەکانی حافیز دەگەن، بەڵکو مەبەستم ئەمە بوو کە لە نێو شیعرێن شاعیرانی کوردا، شیعرێن یەجگار ناسک و جوان هەن کە هیچیان لە باشترین غەزەلێن فارسی کەمتر نییە و بۆ نموونە دەکرێت ناوی مەولەوی کورد ببرێت.

من ئەوەندە دڵبەندی حافیزم و ئەوەندە شانازی پێوە دەکەم کە شیعری ئەو بە نموونەی ئەوپەڕی ناسکی و جوانی دێنمەوە. بە باوەڕی من لە سەرانسەری دنیادا کەس لەو شاعیرتر نییە. حافیز بە ڕادەیەک گەورەیە کە وێڕای ئەم هەموو کتێب و وتارانەی کە دەربارەی ئەو هاتوونەتە نووسین، هێشتا بەشێکی زۆری هزر و بیر و ئەندێشەکانی وی بۆ ئێمە گونگ و نادیارن.

پایزە دار و دەوەن ڕەنگزەردە

با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە

دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ

داره خۆی دەڕنێ خەزەڵ هەڵدەوەرێ

هەورە بە ڕەشپۆش و بە گریە وناڵە

سەرەتای شیوەنی مەرگیساڵە

بە گڕەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ

ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ

داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم

ئەو دەمەی چۆن و چبووم بۆ وانیم؟!

هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم

مامەوە گردە نشین بێ ڕاوم

دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم دەردەکەوم

گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم

پیرییە پایزی وەرزی ژیانە

وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە

وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم

ڕاو بەتاڵی منە هاکا مردم!

مردنیش هێندە نە سووک و سانا

سەری لێ گێژە هەزاران زانا

چم بە سەردێ کە نەمام و مردم

پەڕی بەر بایەک و خۆڵی وردم

گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم

تۆ بڵێی بچێتەوە لای باوە هەڵۆم؟

تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟

پاش هەموو چەرمە سەرەی ئەم عەرزە

داخم ئەو ڕازەش لە بن سەرپۆشە

سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە

دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە

چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە

ژین گەلێ شیرینە فیزی ناوێ

بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ

چاری ئەم دەردە لەلای قاڵاوە

گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە

دەچمەلای و بەوە چم لێ نایە

ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە...

***

ڕێم کەوتە گوڵستانەوە لای بولبولی مەست

بە چریکەێی پێی گوتم گەلێ ڕاز و مەبەست

تا گوڵ نەوەریوە تا لەشت نەبووە بە گڵ

وەک گوڵ بە دەمی دەم بە بزە و پیاڵە بە دەست

❊❊

چون بلبل مەست راه در بستان یافت

روی گل و جام بادە را خندان یافت

امد بزبان حال گوشم گفت

دریاب کە عمر رفتە را نتوان یافت

❊❊❊

وا بزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ

ئەم چەرخ و خولەی هەمووی بە فووی تۆ دەگەڕێ

وا بزانە کە سەد ساڵیش ژیای پاشان چی؟

مەرگێکە لە هەر جێگە لە دووی تۆ دەگەڕێ

❊❊

چون چرخ بە کام یک خردمند نگشت

تو خواه فلک هفت شهر خواهی هشت

چون باید مرد و آرزوها همه هشت

چ مور خورد به گور و چ گرگ به دشت

***

لەو کۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت

ڕێوی تەرەکی و مامز ئارامی گرت

بارام کە هەموو ژیانی خۆی گوڕی دەگرت

دیتت بە چ جۆرێ گۆڕێ بارامی گرت؟

**

ان قصر که جمشید در او جام گرفت

رو به بچه کرد و آهو آرام گرفت

بهرام که گور می گرفتی همه عومر

دیدی که چگونه گور بهرام گرفت؟

ک. ف: جەناب، زمانی فارسی لە کوێوە فێر بوویت، فارسییەک بەم ڕادەیەی کە توانیت قانوون پاچڤە بکەیت؟

م. شەرەفکەندی

لە منداڵیدا، لە سەرەتاوە فارسییان فێر دەکردین، بەڵام من خۆم وەکو حەز و ئارەزوو، زۆرم دەخوێندەوە. هەڵبەتە لە قسەکردنا زۆر زاڵ نیم، لێ لە خوێندن و نووسیندا بە دەسەڵات ترم.

ک. ف:

له نێو بەرهەمەکانتا، پاچڤەی چەند بەرهەمێکی دکتۆر شەریعەتی ڕەحمەتی بە دی دەکرێت، مەبەست و ئەنگێزەیەکی تایبەتیت لەم کارەدا هەبووە؟

م. شەرەفکەندی:

من چوار بەرهەمی ڕەحمەتی دکتۆر شەریعەتیم کردوون بە کوردی کە بریتین لە: عیرفان، بەرامبەری، ئازادی . یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە . دایە! باوە کێ خراوە؟. ئارێ برا! واڕا برا.

بەڵام سەبارەت بەوەی بۆچی دەستم دایە پاچڤەی ئەم کتێبانە دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم کە ماوەیەکی زۆر لەوە پێش دۆستێک چەند کتێبێکی ڕەحمەتی شەریعەتی بۆ خوێندنەوە دامێ، زۆرم بە دڵ بوون، بە ڕادەیەک خۆشم لێیان هات کە بڕیارم دا پاچڤەیان بکەم. تەنانەت ڕۆژێک کە دووبارە هەمان دۆستم بینییەوە، گوتم من ئامادەم پەیڕەوی بکەم. بابەتەکانی بە ڕاستی چاک و ئەقڵانین. ئەو کەسانەشی کە ئەم پاچڤانەیان دیتووە، دەڵێن زۆر چاکت پاچڤە کردوون. هێڤی دارم لە ئایندەدا کتێبێن دیکەی ئەم هزرڤانە پڕ بەهایە بۆ کوردی وەر بگێڕم.

ک. ف:

ئەو سەفەرەی بۆ سۆڤیاتت کرد بە مەبەستی چارەسەر بوو؟

م. شەرەفکەندی:

چارەسەریش یەکێک لە ئەنگێزەو سەدەمەکانی ئەم سەفەرە بوو. لە بنەڕەتدا لە سەر داوای یەکێتی نووسەرانی ڕووسیا بوو کە هەندێک لە بەرهەمەکانی منیان پاچڤە کردبوو و دەیانویست مافی نووسەریم بدەنێ، چوومە ئەم سەفەرە و سوور دەمزانی کۆمۆنیستانی عێراق و سووریا زۆر خۆشیان بە منا نایەت.

نزیکەی یەک ساڵ لە مۆسکۆ و شارەکانی دیکەی سۆڤیەتا گەڕام، باکۆ و ئوزبەکستان و چەندین جێگەی دیکەم لە نزیکەوە بینی. لەوێ شەست هەزار ڕوبڵیان هەقی چاپکردنی کتێبەکانیان دامێ و داوایان کرد لەوێ بمێنمەوە، لێ وەکو عەرزی بە خزمەتم کردیت خۆم حەزم بە مانەوە نەبوو و هەر کە کاری چارەسەر و مالیجەکەم تەواو بوو ئیدی زڤڕیمەوە.

ک. ف:

ئایا پێڕستێکی بەرهەمەکانت لە بەر دەستە تا بە خوێنەرانی نیشانبدەین؟

م. شەرەفکەندی:

بەڵێ، بەرهەمەکانم برتین لە:

١ – ئاڵەکۆک: کە لە ساڵی ١٣٢٥ ( ١٩٤٦ ) لە تەورێز چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٢ – بەیتی سەرەمەڕ کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە دیمەشق چاپ بووە.

٣ – مەم و زین کە لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە هی شاعیری مەزنی کورد ( خانی ) یە کە بە شێوەزاری کرمانجی گوتراوە. لە ڕاستیا ئەم کتێبەم لە کوردییەوە بۆ کوردی (موکری ) پاچڤە کردووە تا بۆ ژمارەیەکی زیاتری ئارەزوومەندان مایەی ئیستیفادە بێت و لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە بەغدا هاتووەتە چاپکرن، لە ساڵی ١٣٥٨ ( ١٩٧٩ ) بۆ جاری دووەم لە تاران بە ئوفسێت چاپکراوەتەوە.

٤- دیوانێکی شیعر بە نێوی ( بۆ کوردستان ) کە دوو جاران چاپ بووە ( ١٩٦٦ – ١٩٦٩ ) و جارێکیش لە ساڵی ١٣٥٨ لە تاران ئۆفسێت کراوەتەوە.

٥ – یەکێکی دی پاچڤەی چوارینەکانی خەیامە بۆ کوردی کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٨ دا ئەنجامدراوە و با ئەوەش بڵێم کە سێ جاریش بە بێ ئاگاداری و پرسی بەندە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٦ – پاچڤەی شەرەفنامە لە فارسییەوە کە ئەم کتێبە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە و دانەرەکەی شەرەفخانی بەدلیسی یە. ئەم کتێبە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٣ لە نەجەفی ئەشرەف چاپ بوو، و لە ساڵی ١٩٨١ دا بۆ جاری دووەم لە تاران چاپ بووە.

٧ – هۆزی لە بیر کراوی گاوان، کە لە عەرەبییەوە بۆ کوردیم پاچڤە کردووە و لە ساڵی ٩٧٣ دا لە بەغدا چاپ بووە.

٨ – یەکێکی دی مێژووی سلێمانیە و لە عەرەبییەوە بۆ فارسیم پاچڤە کردووە کە هێشتا چاپ نەبووە.

٩ – پەیوەندی کەلتووری ئێران و میسر کە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ فارسی پاچڤە بووە و چاوەڕوانی چاپە.

١٠ – کتێبێکی دی، مێژووی ئەردەڵانە کە لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردیم پاچڤە کردووە و هێشتا بە چاپ نەگەییوە.

١١ – فەرهەنگی فارسی بە کوردی کە سوودم لە فەرهەنگی عەمید وەرگرتووە و چاوەڕوانی چاپە.

١٢ – یەک و سیفری بێ بڕانەوە: کە بەرهەمی دکتۆر عەل شەریعەتیە و لە فارسییەوە بۆ کوردیم پاچڤە کردووە و لە لایەن (بنیاد سازندگی) یەوە چاپ بووە.

١٣ – ئارێ برا، وا ڕا برا: بەرهەمی دکتۆر شەریعەتی یە و ئەمیش لە فارسییەوە بۆ کوردیم پاچڤە کردووە و ئەمیش لە لایەن (بنیاد سازندگی) یەوە بە چاپ گەیەنراوە.

١٤ – عیرفان، بەرامبەری، ئازادی: بەرهەمی دکتۆر شەریعەتیە و بۆ کوردیم پاچڤە کردووە و لە لایەن وەشانخانەی سروشەوە چاپ کراوە.

١٥ – دایە، باوە، کێ خراوە؟ بەرهەمێکی بە نێوبانگی دکتۆر شەریعەتیە کە ئەمەیشم بۆ کوردی پاچڤە کردووە و وەشانخانەی سروش چاپی کردووە.

١٦ – شەرحی دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری – ناسراو بە مەلای جزیری – بە زمانی کوردی، وەشانخانەی سروش چاپ و بڵاویان کردووەتەوە.

١٧ – فەرهەنگی کوردی – فارسی کە لە وەشانخانەی سروش چاوەڕوانی چاپ و بڵاو کردنەوەیە.

١٨ – پاچڤەی کتێبی قانوون لە پزیشک گەریای شێخی شێخان " ئەبو عەلی سینا " لە عەرەبییەوە بۆ فارسی کە پێنج کتێبە لە حەوت بەرگا کە تا نها سێ بەرگی چاپ بووە و ئەوانی تری لە وەشانخانەی سروش چاوەڕوانی چاپ و بڵاو بوونەوەیە.

١٩ – پاچڤەی بەشی سەرەکی کتێبی آثار البلاد واخبار العباد لە عەرەبییەوە بۆ فارسی کە چاپی تارانە ١٣٦٧ ( ١٩٨٨ ) .

ک. ف:

سەبارەت بە بابەتی کتێبی قانوون و لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەموو کار و ئیشەی لە سەر ئەم کتێبە کردووتانە، بێزەحمەت بەراوردێک لە نێوان پزیشکگەری تەقلیدی و تازە بفەرموون.

م. شەرەفکەندی:

دەزانیت کە زانستی پزیشکگەری، بە سەدەمی داهێنان ودۆزینەوەی تازەوە. پێشکەوتنێکی فرەی بە خۆوە دیتووە و ئەمڕۆکە ئەشیعە هاتووەتە ناو ناوان، لێ

هەرگیز ناشێت نکۆڵی لە باندۆر و کاریگەری پزیشکگەری تەقلیدی بکرێ، دەبێ ئەوە بزانین کە پایە و بناغەی زانستی پزیشکی ئەمڕۆمان، هەمان پزیشکگەری کۆنە. نازانم ئەمەم عەرز کردی یان نا لە ڕووسیا، پزیشکگەری کۆنیان زندوو کردووەتەوە و بە ڕادەیەک کە دکتۆر و حەکیمانیان لە گوندەواران و ئەم لاو و ئەو لاوە کۆ کردووەتەوە بۆ زانستگە پزیشکیەکانیان بردوون تا لەوێ دەرسی پزیشکگەری کۆن بە خوێندکارەکان بڵێنەوەو بە پەڕجووی داودەرمانی کۆنیان ئاشنا بکەن.

بیرم دێت ڕۆژێکی بارانی لە ڕوبارێکی ناو مۆسکۆدا مەلەم دەکرد. کاتێ لە ئاوەکەوە دەرکەوتم، هەستم کرد ئازای بەدەنم وشک بووە و توانای هیچ جوڵەیەکم نییە، خۆڵاسە پزیشکیان هێنا و هەندێک کاغەزی بە سەرانسەری بەدەنمەوە چەسپاند، هەڵبەتە سووتانەوە و کزانەوەیەکی زۆری لە گەڵدا بوو، دوای چارەکە سەعاتێک کە کاغەزەکانی لێکردمەوە بۆم دەرکەوت کە خەردەلی لێدرابوو و بە ڕاستی کاریگەرییەکی سەیری هەبوو، زۆر سەرم سووڕما، دکتۆر ، کە بۆ ئەوەی سەر سوورمانەکەی من بڕەوێنێتەوە گوتی ئێمە ئەمەمان لە دکتۆرانی کۆنەوە وەرگرتووە و وەکو دەبینی زانیارییەکی بە سوودە. پزشکگەری سوننەتی و کۆن دەبێ هەبێ تا بزانین چ شتێکی تازەی هاتووەتە سەر و تا چ ڕادەیەک پێشکەوتنی بە سەر هاتووە.

ک. ف:

هەڵبەتە ئاگاداریت پاچڤەیەکی قانوون هەیە کە هی سەردەمی قاجاریەکانە و گوایە لە ڕابردووا چاپ و بڵاویش بووەتەوە، ئەو پاچڤەیەت بەلاوە چۆنە و چ جیاوازییەکی دەگەڵ پاچڤەکەی ئەنگۆدا هەیە؟

م. شەرەفکەندی:

ئەوەی من دەیزانم و دیتوومە، کتێبێکی چکۆلەی کەم قەوارەیە بە نێوی قانوونچە کە پێدەچێ خۆڵاسە وکورتکراوەی قانوون بێت، هەرچەندە بە تەواوی نەم خوێندووەتەوە،

بەڵام بە نیگایەکی ڕەوتەنی و لەزگین بۆم دەرکەوت وەرگێڕەکەی تەنیا ئەو بابەتانەی کە تێی گەییوە یان بە پێویستی زانیوە، پاچڤە کردووە، بۆ نموونە ناوی دەرمانەکان و ئەو شتانە.

ک. ف:

ئەنگیزەی ئەنگۆ بۆ پاچڤەی قانوون چ بووە و زانیاری وە لە دنیای پزیشکگەری زانستە پزیشکیەکاندا تا چ ڕادەیەکە؟

م. شەرەفکەندی:

بەندە هیچ زانیارییەکی پزیشکیم نییە. پاچڤەی قانوون بۆ من وەکو ئەوەیە سیناریۆی فیلمێک بدرێ بە ئەکتەرێک کە کەمترین زانیاری لە مەڕ ئەو دەورە نەبێ کە دەبێ بیگێڕێت، منیش بە بێ هیچ زانیارییەک لە مەڕ زانستی پزیشکی دەستم دایە پاچڤەی قانوون. ئاغای دکتۆر فرەوشی پێداگرییەکی زۆری کرد کە ئەم کتێبە پاچڤە بکەم. هەڵبەتە جەنابی پێشتر پاچڤەکانی منی دیتبوو و دەتوانرێ بگوترێ کە جۆرە تاقیکردنەوەیەکی منی کردبوو، هەڵبەتە گوتی هیچ پەلەیەکیان نییە و ئەگەر بتوانی مانگێ یەک لاپەڕەش پاچڤە بکەی بەسە. دەبێ ئەوەشت عەرز بکەم ئەگەر کورد نەبوایەم بێگومان نەمدەتوانی سەرکەوتوو ببم چونکە گەلێک لەو گوزارشت و دەربڕینانەی ابن سینا بە کاری بردوون و سوودی لێوەرگرتوون، لە زمانی کوردیدا بە کار دەبرێن. ناڵێم ابن سینا کوردە، لێ بە حوکمی ئەوەی لە هەمەدان ژیاوە، حەشر و نەشری دەگەڵ کورداندا هەبووە، ئیدی چ لە ڕێگای ئاساییەوە چ لە ڕێگای کار و پیشەوە ئاشنایەتی دەگەڵ کوردیدا هەبووە. گەلێک لەو زاراوە و وشانەی لەم کتێبەدا بە کار براون، لە عەرەبیدا نین. بۆ نموونە وشەی ماست لە عەرەبیدا نییە و لە بنەڕەتدا فرمووڵەیەکمان نییە کە بە " م . س . ت " پێکهاتبێ و لە وشەێن وەکو مستفاد و مستفید، بەشێک نییە لە ئەسڵی وشەکە و زیادەیە. ابن سینا لە جێیەکدا وشەی

ماستی به کار بردووه و دەڵێت: " الا اذا افرط فی الماست " واته ئەگەر ماستی زۆر خواردبێ، له کاتێکا بۆ وشەی ماست له عەرەبیدا چەندین ناو هەیه: میسریەکان دەڵێن " لبن زبدی " عێراق: " رۆبه – رائب " عەرەبستان: " خاتر " و له سوریا لوبنان دەڵێن: " یوغورت " . ابن سینا وشەی ڕووسی " کیسلی ملکوی " به مانای شیری ترش لەم کتێبەدا له جیاتی ماست به کار بردووه و تەقریبەن به شێوەیەکی مەیلەو ڕەمزی بەکاری بردووه.

نموونەیەکی دیکه که من تووشی بووم ڕستەی " قیام الکبدی" بوو، دەزانی له عەرەبیدا " قیام " به مانای هەستانه و هەستانی جگەر هیچ مانایەکی نییه، جگەر هەڵناسێ! نوسخەیەکی دیکەم هێناو و بەراوردم کرد دیتم که هەر دوو نوسخەکه بەیەک شێوه هاتووه. ڕاستت دەوێ زۆرم بیر لەم ڕستەیه کردەوه تا ئەوه بوو له ناکاوا ئەوەم به زەینا هات که زۆر جار له خانمانی کوردم گوێ لێ دەبوو دەیانگوت:

بەردێک یا جەزرەبەیەک بەر شانی منداڵەکەم کەوتووه، ئەوەنده بەرزی کردووەتەوه ( یانی ئاوساوه ) ئیدی بۆم دەرکەوت که مەبەست له هەستانی جگەر، ئاوسانی جگەره و له عەرەبیدا هەرگیز بۆ ئاوسان وشەی قیام و هەستان بەکار نابەن، ئەمه زاراوه و داڕشتنێکی کوردیه. هەروەها سەبارەت به دەستەواژەی " علی الراس " که ابن سینا به مانای " دیسان " و " سەر له نوێ " بەکاری بردووه، له کاتێکا ئەم دەسته واژەیه له ناو عەرەبدا بەم مانایه نییه، بەڵکو تەنیا به مانای شتێک خستنه سەر سەر بەکار دێت. له زانستگەدا مامۆستایەک هەبوو به نێوی مسلح که پسپۆڕ و شارەزای قانوونیش بوو، ڕۆژێک پێی گوتم کەسێک له زانستگەی فوئادی میسرەوه بۆ ئێره هاتبوو که دەرس بڵێتەوه لێ ئینسانێکی زۆر بێ موبالات بوو. گوتم چۆن؟ گوتی هەرکاتێ که دەگەییه وشەی " علی الراس " کاردانەوەیەکی زۆر خراپی دەنواند و دەیگوت وا دیاره ابن سینا هیچی به مێشکا نەچووەه و نەیزانیوه، چونکه ئێمه له عەرەبیدا ( علی الراس ) بەم مانایه بەکار نابەین. من له وەڵاما گوتم ئەو پیاوه ئەگەر کورد بوایه یا کوردی

بزانیبایە هەرگیز ئەم قسەیەی نەدەکرد و گومانی ئەوەی نەدەکرد ابن سینا هەڵەی کردووە. بەندە چونکە هەم کوردی بەڵەد بووم و هەم عەرەبی و هەم تا ئەندازەیەک فارسی، توانیم کلیلەکە بدۆزمەوە و هزر دەکەم ئەگەر کەسێک بخوازێ ئەم کتێبە لە عەرەبیەوە بۆ زمانێکی دیکەی وەک ئینگلیزی یان فەرەنسی پاچڤە بکات، ڕووبەڕووی هەندێک کێشە و گرفتان دەبێتەوە، چونکە تەنیا عەرەبی زانین بەس نییە و دوورە کە هەر وەرگێڕێک هەم کوردی و هەم فارسی بەڵەد بێ.

بەڵگە نەویستە ابن سینا عەرەبی بە چاکی زانیوە و هۆی ئەم جۆرە ڕەمز و نووسیەش بە دیدی من ئەمە بووە کە ئەو سەردەمانە دزی ئەدەبی زۆر بووە و بۆ ئەوەی کەسێک یان کەسانێک خۆ بە خودانی ئەم کتێبە نەکەن، نووسەر ئەم شێوازە ڕەمزییەی هەڵبژاردووە تا کەسێک جورئەتی دزینی نەبێت و پێدەچێ بە ئانقەست ئەم شێوازەی هەڵبژاردبێ تا کلیلی ڕەمزەکەی جگە لە خۆی بە کەس نەدۆزرێتەوە. لە هەندێ شوێنی ئەم کتێبەدا، وشەیەکی هەڵبژاردووە کە هەر دوو ڕاناوی نێر و مێ دەگرێتەوە. هەڵبەتە زیاتر بە ڕاناوی مێ بە کار دەبرێ. بۆ نموونە وشەی " کبە " دەتوانرێ بە " هی " و بە " هو " ش بەکار ببرێ کە بە ڕاستی بۆ وەرگێڕ دەبێتە مایەی سەرگێژکێ و ماوەیەکی زۆری دەوێ تا پیاو بۆی ساغ ببێتەوە، مەبەستی کامیانە، بۆ نموونە لە هەوەڵی لاپەڕە یەکدا وشەیەکی هێناوە کە خەبەرەکەی دوای دوو لاپەڕە باسکردووە و هێناوەتەوە. ڕۆژێک مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆلای من هاتبوو، هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێم کە لە مامۆستایانی دەرەجە یەکی عەرەبییە و لە ڕاستیا من شاگردی ئەوم. خۆڵاسە بابەتێکی کتێبەکەم بۆیان خوێندەوە و داوام کرد پاچڤەی بکات و پێم بڵێ ئەو ڕاناوەی لەم بابەتەدا بەکار هاتووە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە. دوای چەند خوێندنەوەو پاچڤەیەک، کێشەکە چارەسەر نەبوو، تا ئەوە بوو مامۆستا ڕۆژبەیانی ماندوو بوو و کتێبەکەی توورِ دایە گۆشەیەکەوە و گوتی ئەمە عەربی نییە، ئەمە کاری من و کاری هیچ کەسێکی دیکەش نییە. بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژە ئەو ڕۆیی،

دوای چەند ڕۆژێک من بۆ لای ئەو چووم و گوتم بێزەحمەت ئەم بابەتەم پاچڤەکردووە تەمەشایەکم بۆ بکە بزانە هیچ دەگەیەنێ یان نا؟ هەڵبەتە عەرەبیەکەشیم نووسی بوو. خوێندیەوەو پاشان پرسی کە تۆ لە هەڵهێنانی مەتەڵ و لەگەزاندا پێشینەت هەیە؟ گوتم: بەڵێ لە ڕۆژگاری فەقیاتیدا جارجار مەتەڵ و لەگزانم حەل دەکرد، گوتی ئەمە عەرەبی نووسین نییە، لەگەز و مەتەڵانە.

مەبەستم ئەمەیە کە لەم پاچڤەیەدا زۆر بە حەوسەڵە بووم و زۆر بە ئارەزوو و وردیەوە دەستم بە کارەکە کرد، هەڵبەتە لە سەرەتاوە زۆر بە خاوی لەبەرم دەڕۆیی و بە دوو شەوان یەک لاپەڕم پێ پاچڤە دەکرا، پاشان کە شارەزاییم لە نووسینی کتێبەکە و زاراوە بەکار هاتووەکانیا پەیدا کرد، شەوی دە لاپەڕەم پاچڤە دەکرد و سوپاسی خوا دەکەم کە کارەکەم تەواو کرد.

ک. ف:

مامۆستا بیستوومانە کە سەنتەرێک بە نێوی وەشانخانەی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دامەزراوە، ئەگەر دەکرێ دەربارەی ئەم سەنتەرە وچالاکییەکانی هەندێک ڕوونکردنەوەمان بدەیتێ.

م. شەرەفکەندی:

بەڵێ، سەنتەرێکی وا لە ورمێ دامەزراوە. یەکێک لە دۆستانی من بە ناوی جەنابی " هێمن " لەم سەنتەرەدا کاری دەکرد و گۆڤاری " سروە" ی دامەزراند کە هێشتا پێنج ژمارەی لێ بڵاو نەبووبووەوە کە مخابن کۆچی دوایی کرد و ئێستاش جەنابی ئەحمەدی قازی لەوێیە و بەڵام بە گشتی لە ژێر چاودێری قەرارگای ڕەمەزاندایە. بەهەر حاڵ هەنگاوێکی شایستە و چاکە. لە بیرم دێ کاتێ کە چوارینەکانی خەیامم پاچڤەی کوردی کردبوو، ڕۆژێک بە یەکێک لە هاوسێکانم گوت ئێوە عومەر خەیامتان بەلاوە چۆنە و چ بۆچوونیکتان دەربارەی هەیە؟ گوتی کە خەیام مایەی شانازی مەیە.

پرسیم ئەگەر کەسێک کردبێتی بە کوردی و بە گوتەی ئەهلی هونەر، پاچڤەیەکی باشیش بێ، دەتوانێ بە چاپی بگەیەنێ؟ بەرسڤی دایەوە دەزانم مەبەستت خۆتە، بیستوومە کە چوارینەکانی خەیامت کردوون بە کوردی و کارێکی باشیشە، بەڵام پێویستە شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە: سیاسەتی شا ئەمەیە کە نابێ تاقە وشەیەکی کوردی چاپ بکرێ، دەکرێ کوردی لە ڕادیۆ بڵاو بکرێتەوە بەڵام هەرگیز نابێ چاپ بکرێ. ئێستا هەلومەرجەکە فرە خاسە، هەندێک دەرفەتیان داوە و گۆڤاری " سروە " بە تیراژی پازدە هەزار نوسخە بڵاو دەبێتەوە کە هەڵبەتە هەنگاوێکی زۆر بە سوودە. هەندێک کتێبانیش لەم سەنتەرە و بە سەرپەرشتی ئەم سەنتەرە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

جا هەر ئەم سەنتەرە، هەندێک کتێبی کۆنیشی چاپ کردووەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی چالاکی ئەم سەنتەرە، تەنیا چاپی کتێبان و گۆڤارەکە دەگرێتەوە. هەڵبەتە کتێبفرۆشیەکیشی هەیە کە هەموو کتێبێک دەفرۆشێت.

ک. ف:

ئەدەبیاتی کوردی ئەوەندەی کە ئێمە دیومانە و بیستوومانە، زیاتر لە شیعر گوتندا خۆ دەنوێنێ، ئەم بۆچوونە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

م. شەرەفکەندی:

عەرزی بە خزمەتت بکەم، مخابن کورد نووسینی نەبووە و لە نێو میللەتاندا جێگای خۆی نەکردووەتەوە، بۆیە  شیعر وەکو تاکە کەناڵی دەربڕین و بە حوکمی تایبەتمەندی خۆی و لایەنی عەوام پەسندانەی خۆی جێگەی خۆی کردووەتەوە. شیعر هەمیشە ئەم تایبەتمەندییەی هەبووە کە بە ئاسانی لەبەر کراوە و لە هزر و بیردا ماوەتەوە، تەنانەت خەڵکانی نەخوێندەوار و بێ سیواتیش حەز دەکەن گوێ لە شیعر بگرن و لەبەری بکەن، لەبەر ئەمە میللەتێک کە ئەدەبیاتی نووسراوی تا ڕادەیەک کز

بووبێ و وەکو پێویست نووسینی نەبووبێ، هەمیشە هەستی خۆی بە زمانی شیعر دەربڕیوە و دەردەبڕێ. لێ ئێستا دەبینین لەو ڕۆژەوە کە لە عێراقا مۆڵەتیان داوە کە بە زمانی کوردی بنووسرێ، نووسەرانێکی فرە دەستیان بە کارد کردووە و بەرهەمێن هێژا و بەنرخیان بە کۆمەلگەی ئەدەب پێشکەش کردووە، بەڵام ئێمە هەر شیعرەکەمان بۆ ماوەتەوە چونکە لە زەینا جێگای خۆی گرتووە.

ک. ف:

ئێوە وەکو شاعیر ڕاتان لە مەڕ شیعری نوێ چییە؟

م. شەرەفکەندی:

وەکو دەزانی ساڵەهایە باسی شیعری نوێ و کۆن کراوە و دەکرێ، بەندە باوەڕم وایە کە ئێمە دەبێ بایەخ بە مانا و ناوەڕۆکی شیعر بدەین نەک کێش و قافیە. بە خۆت دەزانی کە هەموو شیعری کلاسیکی ئێمە نایاب و پڕ مانا نین، شیعرێن نوێش لەم حاڵە بەدەر نین، ناتوانرێ بگوترێ شیعری باش پەیوەندی بە کۆنی و نوێ بوونیەوە هەیە، لە هەر زەمان و هەر کێش و هەر بێ کێشیەکدا شیعری چاک هەبووە و هەیە، من ئەمەم شوبهاندووە بە ڕووانی قارچک لە وەرزی بەهارا کە لە نێوان هەزاران جۆری قارچکدا تەنیا یەک جۆریان دەخورێت. شیعر هەر کاتێ توانی مەبەست بگەیەنێ و کار لە خەڵک و کۆمەڵگە بکات شیعرە، ئیدی چ لە قاڵبی کۆنا و چ لە فۆرمی نوێدا بێ.

ئێستا لە نێو عەرەبیشدا شاعیرانی نوێخواز پەیدا بوون کە بە ڕاستی شیعری باش دەڵێن، وەکو شاعیرانی نوێخواز لە ئێرانی خۆمانا کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکات. با ئەوەش بڵێم کە ڕووسەکان بە ماکسیم گورکی دەڵێن شاعیر کە حاڵبوکی شیعری نەگوتووە. بەڵام چونکە ناسکی شیعری و مانا و چەمکی شیعری لە نووسینەکانیا هەیە، بە شاعیری دەزانن.

ک. ف:

پایەبەرز لە نێو دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی کوردیدا، زیاتر بە کێهە دیالێکت بەرهەمی شیعر و نووسینتان هەیە؟

م. شەرەفکەندی:

زیاتر بە زمانی خۆم کە زمانی دەوروبەری بۆکانە، هەڵبەتە جیاوازی لە نێوان ئەم دیالێکت و ئەو دیالێکتدا نییە، بەڵام مرۆڤ بە تەبیعەت لە زمانی زکماک و دایکیدا توانا و دەسەڵاتی زیاتری هەیە.

ک. ف:

لە نێو شاعیرانی کوردا، لە کۆن و نوێ، زیاتر بە کێ دڵبەندی؟

م. شەرەفکەندی:

تۆ ئەگەر بچیتە باخێکی میوەوە کە جۆرەها میوەی تیابێ، تامی جۆرەها میوە دەکەی و حەزی لێدەکەیت، لێ ناتوانی بە شێوەیەکی بنجبڕ بڵێت کە کامیان لەوی دی باشترە، هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم کە چەند کەسێک لە پێشینان هەن لەم یاسا و ڕێسایە بە دەرن، وەک: مەولەوی، ئەحمەدی خانی، ئەحمەدی جەزیری و نالی کە لە چینە باڵاکانن و دەبێ سەری ڕێز لە هەنبەر بلیمەتیان دابنەوێنرێ

هەڵبەتە وەفایی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزا و حاجی قادر و... هتد لە مەیدانی هونەری شیعردا سەر ئامەد بوون و لە نێو شاعیرانی نوێ و هاوچەرخا، بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەسەوە، من عەبدۆڵڵا پەشێوم بە دڵە و کارەکانیم زۆر بەلاوە پەسندە. ئەو ماوەیەک لە عێراق بوو و ئێستا وەکو بیستوومە بووە بە مامۆستا و لە لیبیا دەژی.

هەرچەندە شێرکۆ بێکەسمان هەیە کە خەڵاتی تۆخولسکی دە هەزار دۆلاری وەرگرتووە و لە ئیتاڵیا ناسنامەی هاوڵاتیان داوەتێ و زۆر ڕێزی لێگیراوە، وێڕای هەموو ئەمەش ئەگەر بە دەستی من بوایە ئەو خەڵاتەم بە عەبدۆڵڵا پەشێو دەدا، ئەو لە نێو شاعیرانی شیعری ئازادا سەر ئامەدە.

ک. ف:

لە نێو نووسەرانی کوردا، واتە ئەوانەی کە تەنیا بەرهەمی پەخشانیان هەیە، کامیانت لا پەسندە، جەنابت بەرهەمت بە فارسی و عەرەبی هەیە؟

م. شەرەفکەندی:

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان، دەبێ ئەوە بڵێم ئێمە نووسەرانی دیا و بەرزمان هەیە کە بە هۆی نەزانی خۆمەوە ناتوانم هەڵسەنگاندیان دەربارە بکەم، بەڵام دەکرێ ئاماژە بۆ نووسەری ناودار مامۆستا عەبدۆلکەریم بیارەیی ناسراو بە مودەڕیس و محەمەدی کوڕی، بۆ دکتۆر کەمال مەزهەر، مەلا شکور مستەفا و مەسعوود محەمەد بکرێ.

سەبارت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، عەرزی بە خزمەتت بکەم کە نەخێر، بەندە بەرهەمێکی ئەوتۆم بەو دوو زمانە نەبووە و تەنیا هەندێک گوتارانم بە عەرەبی و فارسی بۆ ڕۆژنامان نووسیوە. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم کە زەمانێ دەمویست بە فارسی شیعر بڵێم بەڵام کەسێک- کە خوا عافووی بکات- گوتی ئەوە چ کارێک دەکەی، هەر کارێک بکەی ، و بگەیەتە هەر قۆناغێک بە پێی حافیزدا ناگەی، سەیرم کرد ئەلهەقی ڕاست دەکات لە پاڵ حافیزدا، شیعر گوتنی خەڵکانی وەکو من ئاو لە دینگا کوتانە.

ک. ف:

مامۆستا، بە گوێرەی ئەو شارەزاییەی لە دیالێکتە جیاوازە کوردیەکاندا هەتانە و بە پێی ئەو بەهرە و سەلیقە شیعرییەی هەتانە، کام شێوازەی کوردی بۆ شیعر لەبارترە؟

م. شەرەفکەندی:

یەکێک لە دیالێکتە کوردیەکان هەورامیە کە لە نێو دیالێکتەکاندا ناسکترین و لەبارترین دیالێکتە بۆ شیعر گوتن لە واری کێشی جیاوازدا، شاعیری بە توانا مەولەوی کورد نموونەیەکی دیاری ئەم بۆچوونەیە. مەولەوی ناسکی شیعری گەیاندووەتە لووتکە.

ک. ف:

کارمان بە ڕابردووەوە نییە، بەڵام ئێستا دەبینین کە جۆرە عیرفانێک لە کوردستاندا بووە بە باو، خەڵکانێک دەبن بە خەلیفە، دەبن بە شێخ، دەبن بە وەلی و... تۆ چۆن بەرخورد دەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکەی؟

م. شەرەفکەندی:

عەرزی بە خزمەتی جەنابت بێ کە من کارم بە ڕابردووەوە هەیە و دەڵێم عیرفان لە ڕابردوودا بە ڕاستی عیرفان بوو و هاماچ و کەش و هەوای دڵگیر و جوانی خۆی هەبوو، دەزانی لەمەپێش عارفانی گەورە سەریان هەڵداوە کە ئەلهەقی عارف بوون، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ لەوناوچانەدا باوە، بە باوەڕی من تەنیا جۆرێک کاسبی و دووکانداریە و تەواو.

ک. ف: جەنابتان، ناسیاویت دەگەڵ وەرگێڕی بە توانا، جەنابی محەمەدی قازیدا هەیە؟

م. شەرەفکەندی:

بەڵێ. جگە لە هاوشاری بوون، دۆستی نزیکی بەندەشە و بە ڕێکەوت چەند ڕۆژێک لەمە پێش دیدارێکم لەگەڵیا بوو، دوو بەرگی یاداشتەکانیم لە لایە و قەرارە بەرگی سێیەمیشم بۆ بنێرێ. ئەلهەق ئەو سەرباری پاچڤەڤانی نووسەرێکی باشیشە.

ک. ف:

ئێوە ساڵانێکی زۆرتان لە وڵاتە عەرەبییەکان و کۆمەڵگا عەرەبیەکاندا بەسەر بردووە، لە نێوشاعیرانی هاوچەرخی عەرەبدا، ناسیاوی نزیکت لە گەڵ کەسیاندا هەیە؟

م. شەرەفکەندی: عەرزی بە خزمەتت بکەم کە بەندە لە گەڵ نەوەی ئێستا و گەنجی هونەرمەندانی عەرەبدا ئاشناییم نییە، لێ دەگەڵ شاعیری بە نێوبانگی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهیریدا دۆستایەتی نزیکم هەبوو، شاعیرێکی نێودار بوو، کە هەڵبەتە ئێستا نازانم ماوە یان نا، هەروەها ئەحمەد سافی نەجەفی و عەبدولوەهات بەیاتیم دەناسی کە هەر دووکیان شاعیری دەرەجە یەکی عەرەب بوون. محەمەد ساڵح بەحرل علومم دەناسی کە شاعیرێکی بە توانا بوو، بە تایبەتی قەسیدەیەکی یەجگار ڕەوان و جوانی هەبوو.

ک. ف: ئەدی لە گەڵ ئەحمەد شەوقی شاعیری کوردا؟

م. شەرەفکەندی: مامۆستا شەوقی ( میری شاعیران، ئەحمەد شەوقی بەگ ) لە میسر دەژیا، مخابن وەختایەک من سەروکارم لە گەڵ عەرەبیدا پەیدا کرد ئەو کۆچی دوایی کردبوو، دەوروبەری ساڵی ١٩٣٥.

ک. ف: سوپاس بۆ ئێوە. هیوای سەلامەتی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

سەرچاوە: کیهان فرهنگی/ سال پنجم، مرداد ماه ٦٧ ( ١٩٨٨ ) شمارە ( ٥ ) .